**ڕێکخراوی (WADI) بۆ پەرەپێدانی مافی مرۆڤ و ڕاهێنان**

**هەڵمەتی هوشیاری ڕاگرتنی خەتەنەکردنی مێینە**

محمد سليم العلوا

سەرۆکی گشتی یەکێتی زانایانی ئیسلامی جیهانی

# خەتەنەکردنی مێینە لە ڕوانگەی ئیسلامەوە

وەرگێڕ انی: مەلا یاسین ڕۆوف

ڕاگری کۆلێجی زانستە ئیسلامیەکان زانکۆی سلێمانی



ناوی کتێب: خەتەنەکردنی مێینە لە ڕوانگەی ئیسلامەوە

نوسەر: محمد سليم العلوا

وەرگێڕ : مەلا یاسین ڕۆوف

دیزاین: ئەندێش دیزاینەر

تیراژ: ( ٢٠٠٠) دانە

چاپخانە:

ژمارەی سپاردن: ( ) ی وەزرارەتی ڕۆشنبیری

لەبڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی (WADI) بۆ هوشیاری راگراتنی خەتەنەکردنی مێینە

---

ئەم نامیلکە بێ بەرامبەر بڵاودەکرێتەوە

---

مافی لە چاپدانەوەی پارێزراوە بۆ وەرگێڕ

# پێشەکی وەرگێڕ :

خەتەنەکردنی مێینە یەکێکە لە دیاردە دزێوو قێزەونەکانی ناو کۆمەڵگای عەرەبی و ئیسلامی، ئەم دیاردە کۆن و دێرینە ئەگەر چی لە پێش ئیسلام و لە زەمانی فەرعەونی و دەسەلاتەکانی سەرەتای مێژووەوە هەر بووە بەڵام کاتی هاتنی ئیسلامیش بە ئەریتی و نەریتی لەوە دەچێ خزێنرابێتە ناو ئیسلامەوە. وەك چەندین دیاردەی تری ناشرین کە سەروبەری لەگەڵ دین نیە بەڵام کراسی دینی کراوە بەبەرداو بەناوی دینەوە حەرام بون و حەڵاڵ بونی بەسەرا دراوە، بەشێك لە خراپی و ناشرینی خەتەنەکردنی مێینە لەو بە سووك سەیرکردن و بەکەم زانینەی کۆمەڵگای کۆنی عەرەبییەوە هاتووە کە بەرامبەر مێینە ئەنجامیان داوە، بۆیە ئەگەر کۆمەڵگایەك پێش هاتنی ئیسلام ئەوەندە ژنی لاسووك بوبێ زیندە بەچاڵی کردبێ ئاساییە بەلایەوە کە بەشێکی زۆریش لە جەستەی بەبیانوی جۆراو جۆر بېڕێ. بەڵام گرنگ ئەوەیە بەناوی



دینەوە ئەمە کراوە. کە من پێم وایە دین پەیوەندی بەم کارەوە نیە، وە بەهۆی دینەوە ئەم دیاردە خراپە تا ئەمرۆ ماوە بۆیە لەسەر هەموو ڕوناکبیران و نوسەرو زانایانی ئاینی پێویستە، دین لەم دیاردە ناشرینە جودا بکەنەوە تا هەم ئەم دیاردەیە بەیەکجاری بنەبڕ بکرێ و هەمیش ڕەگەزە سەرەکیەکانی دین بەم کارە لابەلایانە ناشرین نەکرێ. وە باشترین ڕێگا چارەش بۆ بنبڕکردنی ئەم دیاردەیە ڕونکردنەوەو شیکردنەوەی لایەنە خراپەکانیەتی هەم لە ڕوی شەرع و ئیسلامەوەو هەمیش لە ڕوی پزیشکی و تەندروستیەوە، ئەم کتێبەی زانای بەناوبانگیش (د. محمد سليم العوا) هەوڵێکی گەورەو پیرۆزە لەو بوارەداو جێگای ڕێزو کارێکی زانستیانەیە، بەندەش وەرم گێڕاوەتە سەر زمانی دایك و کۆمەڵگاکەی خۆم بەو ئومێدەی بتوانم لەو بوارەدا خزمەتێ بەکچانی تازەپێگەیشتووی وڵاتەکەم بگەیەنم وە لە کێشەیەکی کۆمەڵایەتی و تەندروستی و بەکەم زانین ڕزگاریان بێت بەپشتیوانی خوا..

**مەلا یاسین ڕۆوف**

**ڕاگری کۆلێجی زانستە ئیسلامیەکان زانکۆی سلێمانی**

**پرسیاری یەکەم** : ئایا خەتەنەکردنی مێینە لە شەعائرو عەنعەنەکانی ئیسلامە بەپێی ئەم ووتە پیرۆزانەی کە گوایا لە پێغەمبەرەوە (د.خ) وەرگیراوە ؟.

**وەڵامی پرسیاری یەکەم** : حوکمەکانی شەریعەتی ئیسلام تەنها لەڕێی سەرچاوە سەرەکیەکانیەوە وەردەگیرێ، ئەوانەی کە سەرجەم زانایان لەسەری کۆکن ئەوانیش بریتیە لە : قورئانی پیرۆزو ووتە ڕاست وەرگیراوەکانی پێغەمبەرو کۆدەنگی زانایان بەمەرجە دیاریکراوەکانی کە کاتی خۆی لە عیلمی ئوصولی فقە دا دیاریکراوە، چوارەمیش (قیاس) واتە پێکچواندنی پرۆسەیە بە پرۆسەیەکی پێشوتر وەدەبێ باش ووردببینەوە ئایا دەکرێ ئەم کارە بەپێشوتر بچوێنی و بڕیاری پێشووی لەسەر بدەین یان نا، بەجۆرە دەکرێ بڵێین... کەواتە سەرانسەری قورئان لە هیچ جێیەك باسی خەتەنەکردنی مێینە نەهاتووە نە لە دوورو نە لە نزیك (واتە نە بە ئاشکراو نەبە شاراوەیی) (وەرگێڕ)... وە لە هیچ جێیەك کۆ دەنگیەك



شك نابەین باس لە بونی شتێ لەو بابەتە بکات لە قورئانا یان وەك لێکچون و پێکچواندنیش.

دەربارەی سەرچاوەی دووەم کە وتەکانی پێغەمبەرە (د.خ) چەند وتەیەکی لاواز هەیە کە گوایا دراوەتە پاڵ پێغەمبەرو بەهی ئەو ناسێنراوە ئەمانەش ڕاستی چونکە هیچ کامیان لەڕوی سەنەدەوە بەهێزنین ناکرێ حوکمێکی شەرعی ترسناك و چارەنوسسازی وای لەسەر بنیات بنێین یان لەم ڕووەوە سوودی ڕاگەیاندنی حوکمێکی وایان لێ بکەین.

کەواتە بەپێی بۆچونی ئەهلی زانستیش ئەو وتانەی کە لە ڕوی سەنەدەوە لاواز بن حوکمی شەرعی لەسەر بنیات نانرێ، وە حوکمی شەرعی تەنها بەو وتانە دەکرێ کە سەنەدیان ڕاست و بێ خەوشە.

**ئەو وتانەی کە دەربارەی خەتەنەکردنی مێینە هاتووە:**

**وتەی یەکەم** : کە گوایا بەناوبانگترین وتەیە[1] تیادا هاتووە کە گوایا ژنێك لە مەدینە کاری خەتەنەکردنی مێینەی دەکرد ناوی (ام عطیة) بووە کاتێ پێغەمبەر (د.خ) دەیبینێ پێی دەڵێ : ئەی (ام عطیة) لە کاتی خەتەنەکردنی کچاندا کەمی لێ بکەرەوە یان لەسەر بیبڕەو یان سەرقرتێنی بکەو لە بنا دای مەتاشە، چونکە بەو

[1] - وتە : لێرەدا تەنها مەبەست وتەی پێغەمبەرە (د.خ).

جۆره گەشاوەتر بۆ دەموچاو دەردەکەوێو لای مێردەکانیشیان بەختەوەرتر دەبن یان بۆ مێردەکانیان خۆشترە، کەواتە ئەم وتەیە بەم دەقە تەرجەمەکراوە یان بەچەن جۆری تر کە تەنها لە وشەدا جیاوازی هەیە بەڵام لە مانادا هەریەکە لەلایەن حاکم و بەیهەقی و ئەبو داودەوە بۆمان هاتووە و ئەوان گێڕاویانەتەوە بەڵام هەمویان لەسەنەدێکی لاوازەوە وەریانگرتووە بەپێی ئەوەی کە (حافظ زین الدین العراقي) بۆمانی ڕون کردوەتەوە لە نوسینەکەی دەربارەی (احیاء علوم الدین)ی ئیمامی غەزالی ڕەزای خوای لێ بێ لە (١/١٤٨)دا.

کەواتە ئەبو داود لەسەر ئەو دەقەی کەلای خۆی هەیەو کەمێ جیاوازی لەگەڵ ئەو دەقەی پێشتردا هەیە لەڕوی وشەوە نەك مانا دەڵێ : (لەلایەن عبیدالله ی کوڕی عەمرەوە لە عبدالملك) وەرگیراوە بە ماناو ووشەیەوە بەڵام زۆر لاوازەو هیچ بەهێز نیە وە (مرسەلە) واتە بە پچڕپچڕ بۆمان هاتووە وەلە بنەڕەتا ئەم وتەیە لە (محمدی کوری حسان) وەرگیراوە کە نەناسراوەو کەس نایناسێ کەواتە ئەم وتەیە لاوازە، قسەکانی ئەبو داود تەواو ...... کەواتە شمس الحق العظیم ئابادی لەسەر قسەکەی ئەبو داود ئەڵێ : (ئەم وتەیە هێزی نیە چونکە لەرزۆکەو ڕاویەکەشی کە (محمدی کوڕی حەسانی کوفیە) پیاوێکی لاوازە لە ڕاستگۆییا).



قسەکانی شمس الحق تەواو ... وەهەر دەربارەی نەناسراوی محمدی کوڕی حسان ئیبن عەدی و بەیهەقیش هاوڕای ئەبو داودن و دەڵێن پیاوێکی لاوازە لە ڕاستگۆییدا، بەڵام حافظ عبدالغنی کوڕی سعید لەوە زیاتر دەڵێ و پێی وایە (ئەوە محمدی کوڕی سعیدی چوارمێخە کێشراوە لەسەر زندیقی، وە یەکێکە لە لاوازو لاخراوەکان). بەپێی سەرچاوەی (سنن ابی داود) وەهەروەها حافظ عبدالغنی دەڵێ : ئەم پیاوە محمد کوڕی حسان بێ یان محمد کوڕی سعید چوار مێخەکراو درۆزنە، وە زاناکان لەبارەیەوە دەڵێن : ئەم پیاوە (٤٠٠٠) وتەی بەدەمی پێغەمبەرەوە داناوە.

وە هەروەها ئیمام ئەحمەد ئەڵێ : منصور کوشتی چونکە زندیق بووە، بەپێی (علامە شێخ محمد بن لوطفی الصباح) لە کتێبی (الحکم الشرعی في ختان الذکور والأناث).

زۆرێك لە زانایانی هاوچەرخیش بەکۆی دەنگ ئەم وتەیەیان بەلاواز داناوە، تەنانەت شێخ محمد بن لوطفی الصباح مامۆستای زانستە ئیسلامیەکان لە زانکۆی ریاض لە نامیلکەکەیدا لەبارەی خەتەنەکردنی مێینەوە دەڵێ : (سەیری هەردوو ئیمامی پایە بەرز ابی داودو عراقی بکە چۆن هەردوکیان ئەم وتەیەیان بەلاواز داناوەو چیدی مەنۆڕە زاناکانی دوای ئەوان کە بە ڕاستیان داناوە).

وە هەروەها زانا شمس الدين الحق العظيم آبادي ئەڵێ : (وتەی بەناوبانگ دەربارەی خەتەنەکردنی مێینە بەچەند جۆر بۆمان هاتووە بەڵام هەموویان لاوازو نەخۆش و بریندارو ڕوشاون، وە دروست نیە بەبەڵگە حساب بکرێ و حوکمی لەسەر دەربچێ).

**ئەنجام : کەواتە ئەو وتەیەی کەگوایا هی پێغەمبەرە مەشهورە بە (حديث ام عطيه) ڕاست نیەو خێری نیە و حوکم ی لەسەر بنا ناکرێ....**

**وتەی دووەم** : ئەو وتەیەیە کە دەفەرموێ : (خەتەنەکردن بۆ پیاوان سونەتەو بۆ ژنانیش ڕێزو حورمەتە).

الحافظ العراقي لە نوسینەکەیدا دەربارەی (احياء علوم الدين)ی ئیمامی غەزالی بێ پەردەو بەئاشکرا دانی بە لاوازی ئەم وتەیەدا ناوەو پێش ئەمیش ئیمامی بەیهەقی و ئیبن ئەبی حاتەم و ئیبن عبدالبر وا دەڵێن چونکە لە هەموو سەرچاوەکانی گێڕانەوەی ئەم وتەیەوە دەچنەوە سەر (حەجاجی کوڕی ئەرطەئە) ئەم پیاوەش پشت بە وتەکانی نابەسترێ چونکە درۆزن بووە.

هەروەها (حافظ ابن حجر)یش لە کتێبەکەیدا بەناوی (تلخيص الحبير في تخريج احاديث الرافعي الكبير) دانی



بەلاوازی داناوەو قسەکەی ئیمامی بەیهەقی مان بۆ دەگێڕێتەوە کە دەڵێ : لاوازو لەسەنەدا دابڕانی تیایە وەهەروەها قسەکانی (ابن عبدالبر) لە کتێبی (التمهيد لما في الموطأ من المعاني والاسانيد)دا دەڵێ : (ئەم وتەیە لە یەکێکەوە وەرگیراوە کە پشت بە قسەی نابەسترێ).

کەواتە وە لە جێیەکی تر داو لە هەمان کتێب (ابن عبدالبر) دەڵێ : ئەم وتەیە چونکە دەگەڕێتەوە سەر حەجاجی کوڕی ئەرطەئە قسەکەی پشتی پێ نابەسترێ و ئەوەی کە هەموو موسڵمانان لەسەری کۆ دەنگن ئەوەیە کە خەتەنەکردن تەنها بۆ پیاوان هاتووە وە تەنها ئەم وتەیەی حەجاج ژنانی تیایە ئەویش پشتی پێ نابەسترێ.

کەواتە ئەم دەقی وتەیە بەڵگە نیە چونکە لاوازە وە گێڕەرەوەکەی قسەی لێ وەرناگیرێ، وە هەر وتەیەکیش ئاوا لاواز بێ حوکمی شەرعی لەسەر پرسێکی وا دیارو گرنگ چۆن لێ وەردەگیرێ بەتایبەت پرسێ کە بەسونەت یان بەڕێزداری یان بە چاکەیەکی لە دڵا شیرین دابنرێ بەبەڵگەیەکی ڕاست و دەقێکی دروست نەبێ ناچەسپێ بەسەر موسڵماناندا.

کەواتە بەهەردوو دەقەکەی (ام عطيە)ش و ئەمی دووەمیش نابنە بەڵگە چونکە هەردووك لاوازن دوو دەقی لاوازیش هێز نادەنە حوکمێکی شەرعی واهەستیار

وەهــەردوکیان بــەجۆرێ برینــدارو لاوازن کــە بەڵگــەی شەرعیان لەسەر بنا ناکرێ.

ئەگەر گریمان ئەم دوو وتەیە ڕاستیش بوون هەرچەن ئەم گریمانەیە زۆر دورە لە ڕاستیەوە بەڵام ئەگەر ڕاستیش بێ بەهەردوکیان خەتەنەکردنی مێینە ناگەیەنێتە ئاستی خەتەنەکردنی نێرینەو لەیەکەمیانا باسی چۆنێتی خەتەنەکردن دەکات و ئامۆژگاریە تا بەوردی و لەسەرخۆیی کەمی لێ بکرێتەوەو لە دووەمیشا بەخوارتر لە سونەت دانراوە بۆ مێینەو وەك ڕێزێك حسابی بۆ کراوە نەك وەك ئەرکی شەرعی وەوا دەردەکەوێ کە دیارە ئەم نەریتە لەناو عەرەبدا لەپێش هاتنی ئیسلامدا بووە خۆ بەو گریمانەیە ئەگەر ئەم وتەیە ڕاستیش بێ (کە ڕاست نیە) تەنها ئیسلام هاتووە ئەم نەریتەی لە ئەرکەوە سوکتر کردوە بۆ تەنها ڕێزێك و بەوردی و ناسکی باسی کردوە بەو بەڵگەیەی کە پێغەمبەر لەوتە لاوازەکەدا دەڵێ : (اشمی ولاتنهلی) بە ام عطیە ئەڵێ : (لەسەر بیقرتێنەو بنەبڕی مەکە).

کەواتە لەلایەکی ترەوە ئەم وتەیەی کە بەوتەی (ام عطیە) ناوی هاتووە ڕایکێشام بۆ پرسێك ئەویش ئەوەیە کە ئەم وتەیە بەشی دووەمەکەی بەشی یەکەمی هەڵدەوەشێنێتەوە ئەویش بەجۆرە لەبەشی یەکەمدا فەرمان



بە خەتەنەکردن دەدا بەڵام لەبەشی دووەمدا دەڵێ : پێوەهێشتنەوەی هەندێکی بۆ دەموچاو جوانترو بۆ مێردیش بەختەوەریە بۆیە دەپرسم ئەی بۆ هەموو ئەو دروستکراوەی خوا وەك خۆی نەمێنێ و تا هەموو جوانیەکە بۆ دەموچاوو هەموو بەختەوەریەکەش بۆ مێردەکەی وەك خۆی بمێنێ، دیارە بەلێکردنەوەی هەردوو ئەو دوو جوانیە کەم دەبێتەوە، دوای ئەمەش ئەگەر ئەم وتەیە بەگریمانە ڕاست بێ و پێغەمبەر بیویستایە ژن و پیاو وەك یەك خەتەنەکردن لەسەریان واجب بێ خۆ دەیفەرموو (ان الختان سنه للرجال والنساء) یان بەرەهایی دەیفەرموو (الختان سنه) بەڵام هەر خودی جیاکردنەوەکەو وەصفکردنی کەملێکردنەوە بۆ ژنان ڕاستگۆیی و دروستی وتەکە لە ڕوی لۆجیکەوە دەخاتە بەر زەبری نادروستی.

بۆیە لێرەوە ڕاستی قسەکەی ئیمام (ابن المنذر) کە یەکێکە لە زانا گەورەکانی (فقەو حەدیس) سەدەی چوارەمی کۆچیمان بۆ دەردەکەوێ کە دەفەرموێ (لە خەتەنەکردنا نە هەواڵێ هەیە بگەڕێینەوە بۆ سەری وەنە سونەتێکیش هەیە تا دوای بکەوین) ئەم قسەیەش زانای بە ناوبانگ شێخ محمد رشید رضا لە وەڵامی پرسیارێکا لە گۆڤاری (مەنار) ژمارە (٧)ی ساڵی ١٩٠٤ لاپەڕە (٦١٧

- ٦١٨)دا وەك بەڵگە بەشاهید بەكاری هێناوەو بەڵگەی پێ هێناوەتەوە.

كەواتە وە هەروەها ئیمامی شەوكانی لە كتێبی (نیل الاوطار) (١/١٣٥)دا دەفەرموێ ئەم وتەیە دروست نیە بەڵگەی پێ وەربگرین ئەگەر گریمان ڕاستیش بێ چونكە خودی وشەی (السنە) هیچ شتێ فەرز ناكات چونكە (السنە) لەلای عامەی خەڵك بەمانای فەرز نایەت وەهەموو بەشەكانی (فطرە)یش واجب نین لە شەرعدا.

كەواتە وەهەروەها زانای گەورە سید سابق لە كتێبە بەناوبانگەكەیدا بەناوی (فقە السنە) دەفەرموێ (ئەو وتانەی دەربارەی خەتەنەی ژنان هاتووە هەمویان لاوازن و كاریان پێ ناكرێ).

وتەی سێیەم : ئەم وتەیە لە عبداللە ی كوڕی عومەرەوە وەرگیراوەو تیادا هاتووە كە پێغەمبەر بەرامبەر ژنانی ئەنصارەكانی مەدینە فەرمانیان پێ دەكا كە دەبێ خەتەنە بكرێن ئەو وتەیە لاوازە، ئیمامی شەوكانی لە كتێبی (نیل الاوطار) ج١ لاپەڕە (١٣٩)دا لە بارەی سەنەدی ئەبو نەعیم كە یەكێ لە گێڕەڕەوەكانی ئەم وتەیە یە دەڵێ مەندەلی كوڕی عەلی لاوازە لە ڕاستگۆییداو هەروەها یەكێكی تر لە گێڕەڕەوەكانی كە سەرچاوەیەكی



تری ئەم وتەیەیە ئەویش خالدی كوڕی عەمری قوڕەیشیە ئەو لە مەندەل لاوازترە كەواتە ئەم وتەیە لاوازە.

وتەی چوارەم : لە وتە ڕاستەكانداو لە خاتوو عائشەوە خوای لێ ڕازی بێ كە لە زاری پێغەمبەری (د.خ) وەرگرتوەو تەنها هەرئەویش گوێی لێ بوەو لە چەند ڕێگایەك و بەچەن وشەیەكی جیا لەیەك وتەیەك لە پێغەمبەر بیستراوە كە فەرمویەتی : كەی هەردوو جێی خەتەنەكردنی ژن و پیاو بەریەك كەوتن لەسەر هەردوكیان خۆشوشتن واجب دەبێ، ئەم وتەیە ئیمامی مالك لە موطەئداو مسلم لە كتیبەكەیداو تەرمذی و ئیبن ماجەو چەندینی تر لەوانەی كە وتەكانیان تۆمار كردوەو لەو بوارەدا پسپۆڕ بوون تۆماریان كردوە (دیارە قسەمان لەسەر ڕاست و ناڕاستی وتەكە نیە چونكە بەلای ڕاستدا شكاوەتەوە قسەمان لەسەر وشەی (الختانان) ەاتە هەردوو جێی خەتەنەكردنە، ئەم وشەیە لای هەندێ بوەتە بەڵگەی ئەوەی كە بڵێین : خەتەنەكردن بۆ ژن و پیاو وەك یەك دەبێ بكرێ.

بەڵام : ئەم وشەیە نابێتە بەڵگە لە هیچ ڕویەكەوە لەسەر واجب بوونی خەتەنەكردنی مێینە چونكە ئەم وشەیە لە زمانی عەرەبیدا وەك چەندین وشەی تر كە بۆ نێرو مێ بەیەك ناو بەكاردەهێنرێ وەتەنها ئەم وشەیە نیە

وایە بەڵکو چەندین وشەی لەیەك چوو یان نزیك لەیەك هەردوکیان بەیەك ناوی یەکیان بانگ دەکەین وەك (العمران) مەبەست لێی عومەرو ئەبوبەکرەو (القمران) مەبەست لێی مانگ و ڕۆژەو (العشاءان) مەبەست لێی ئێوارەو خەوتنانە کە عرەبیەکەی (مغرب والعشاء) ئەو (الأبوان) مەبەست لێی دایك و باوکە.

لە هەندێ جێ ناوی گەورەکە هاتووە بۆ هەردوکیان وەك (البحران) لە سورەتی فاطردا مەبەست دەریاو ڕوبارە بەڵام بەناوی دەریا هاتووە، لە هەندی جێ وشەی ناوی مێ هاتووە مەبەست هەردوکیانە واتە نێرو مێ وەك (المروتان) مەبەست لێی سەفاو مەروەیە لە هەندێ جێ نێر هاتوەو مەبەست لێی نێرومێیە وەك الأبوان.

کەواتە وشەی (الختانان)یش لێرەدا هیچ بەڵگەیەکی تیا نیە کە بڵێ دەبێ مێ وەك نێر خەتەنە بکرێ چونکە ناوی جێی خەتەنەی ئەویش هاتووە، وە ئەصلی وتەکەش دەربارەی خۆشوشتن هاتووە نەك خەتەنەکردن وەهەروەها زۆرێك لە زانایان کاریان بەمانا ئاشکراکەشی نەکردوە بەڵکو بەمانا قوڵەکەی وە خۆشوشتنیان واجب نەکردوە هەر تەنها بەبەریەك کەوتنی (خەتانان) بەڵکو بەتێخستن و چونە ناوەوەی پیاو لەهی ژندا خۆشوشتن واجب دەبێ



کەواتە ئەم پرسە زۆر دورە لە واجبکردنی خەتەنەکردنی ژنەوە بەبەڵگەی ئەم وتەیە.

**وتەی پێنجەم** : ئەم وتەیە هەردووك موسلم و بوخاری و ئەبو داودو تەرمذی و نەسائی و ئەحمەدو مالك لە ئەبو هورەیرەوە دەگێڕنەوە کە پێغەمبەر (د.خ) فەرمویەتی (الفطره خمس او خمس من الفطره الأختتان والأستحداد وقص الشارب وتقليم أظافر ونتف الابط).

واتە (٥) شت لە (فطرەتە) خەتەنەکردن بەرتاشین سمێڵ کورت کردنەوە نینۆك کردن بن باڵ هەڵکەندن وەهەروەها عائشە ئەگێڕێتەوە لەگەڵ چەند کەسی تر کە گوایا لە ڕەگەزەکانی (فطره) دە دانەیە لەوانە سمێڵ کورت کردنەوەو ڕیش هێشتنەوەو ........ هتد.

ئەم وتەیە ڕاستەو کێشە لە ڕاستی و دروستی وتەکەدا نیە بەڵام بەڵگەی تیا دەست ناکەوێ لەسەر واجبونی خەتەنەکردنی ژنان، چونکە بۆ نمونە سمێڵ کورت کردنەوەو ڕیش هێشتنەوە تایبەتە بە پیاو وە ئەصڵی وتەکەش قسە لەسەر (فطره) ئەکا، وە ئیمامی مالك لە (موطا)دا دەڵێ : يحی ی کوڕی سەعید ئەگێڕێتەوە ئەڵێ : حەزرەتی برایم یەکەم کەس بووە کە خەتەنە کراوە ئەمەش کۆ دەنگی زانایانی لەسەرەو ئیبن عبدالبریش لە کتێبی (التمهيد)دا وا دەڵێ : کە پەیڕەوی هەموو پێغەمبەران وابووە کە

خەتەنە بکرێن وە هەر ئەویش خەتەنەکردنی ژنانی بەنەریتی داناوەو ئینکاری کردوە، کەواتە لەو جێیەدا تأکید لەسەر خەتەنەکردنی پیاوان و پێغەمبەران کراوە هەر لەو جێیەدا ئینکاری خەتەنەی ژنان کراوە. (مەبەست ڕای (ئیبن عبدالبر)ە).

وە نابێ بوترێ خەتەنەکردنی ژنان لە ڕەگەزەکانی فطرەتە چونکە ئەو خەتەنەکردنەی کە باوەو باس دەکرێ تەنها خەتەنەکردنی پیاوانەو لە زمانەوانی و لە زانستی زانایانیشدا خەتەنەکردن تەنها مەبەست لەهی پیاوان بووە لە ئەصڵدا. هەرچی هی ژنانیشە بەشێوەی مەجازی پێ‌ی وتراوە خەتەنە (الختان) بەڵکو ئەصڵەکەی و ئەوەی کە وەك نەریتی کۆنی عەرەبی باو بووە پێی وتراوە (خفاض) واتە نزم کردنەوە مەبەست لەوەیە بۆ پیاو بڕینی زیادە گۆشتی درێژو شۆڕبوەوەی سەری ئامێری سێکسی یە بەڵام مەبەست لە هی ژن نزمکردنەوەی سەری قیتکەی کە خۆی بەرز ئەنوێنێ، (وە لە عەرەبیشدا بەهی پیاوان وتراوە (الختان) بەهی ژنانیش وتراوە (الخفاض)) (مەبەست لە پرۆسەی بڕینەکەیە)( وەرگێڕ).

وەهەروەها بۆئەوەی لامان ڕون بێ کە خەتەنەکردنی ژنان لە شەریعەتا نیەو شەرعی نیە، ئەبێ بزانین کە پێغەمبەر (د.خ) هیچ یەك نە لە ژنەکانی و نە لە



کچەکانی خەتەنە نەکردوە یان ئەمری نەکردوە بەخەتەنەکردنیان خۆ ئەگەر لە شەریعەتا یان لە ئیسلامدا شتی وا سوننەت یان واجب بوایە جارێك وتەیەك یان فەرمانێکی پێغەمبەرمان دەبیست کە بە ژنەکانی یان کچەکانی کردبێ لەو بارەیەوە وەهەر ئەویش یەکەم کەس دەبوو ئەو کارە شەرعیە جێبەجێ بکات. بەمجۆرە بۆمان دەردەکەوێ کە خەتەنەکردن لەم وتەیەی پێشوودا بۆ ژنان هیچ بەڵگەیەکی لەسەر نیە وەهەروەها هەموو وتەکانی پێشووش لەسەر خەتەنەکردنی مێینە هەموی لاوازەو کاریان پێ ناکرێ، وە خەتەنەکردنی مێینەش جگە لە نەریتێکی کۆنی عەرەبی هیچی تر نیەو ئیسلامیش لێی گەڕاوە بۆ زەمانە و پێشکەوتنی زانست و کۆمەڵگا خۆی ناچارە نەمێنێ.

**پرسیاری دووەم** : قوتابخانە فقیەکان چەند ڕایەکی جیاوازیان هەیە لەسەر ئەم خەتەنەکردنە بۆ نمونە : ئیمامی شافعی ئەڵێ : لەسەر پیاوا واجبە بۆ ژنانیش واجب نیە بەڵکو جوانی و ڕێزە یان خێرە. وە ئیمامی مالك و ئەبو حەنیفەش ئەڵێن بۆ پیاوا واجبەو بۆ ژنان ڕێزو خێرە، کەواتە کەس نەیوتووە بۆ ژنان نابێ بکرێ.

**کەواتە ئایا ئەکرێ بڵێین لانی کەم بۆ ژنان دروستە بکرێ چونکە هیچ کام لە فقیە کۆنەکان قەدەغەیان نەکردووە ؟؟.**

***** <u>وەڵامی پرسیاری دووەم</u> : فقە لەلای فقیەکان بەجۆرە پێناسە کراوە، (زانیاریە بەسەرجەم حوکمە شەرعیە پراکتیکیەکان ئەم زانست و زانیاریەش لە بەڵگەو وردەکاریەکانی دەقە پیرۆزەکانی قورئان یان وتە ڕاستەکانی پێغەمبەر یان لە کۆ دەنگی زاناکان بە مەرجە تایبەتیەکانی (اصول فقە) یان لە (قیاس) بەمەرجێ بەڕاستی قیاس کرابێ دەرهێنراوە)، ئەمە دەربارەی ئەصلی فقە. دەربارەی ئەوەش ئایا ئەم فقە چیە — دەوترێ : ئەم فقە کارێکی مرۆڤانەیەو تەنها پسپۆڕان لە بواری زانستە شەرعیەکان پێی هەڵدەستن لەسەر کاروباری موسڵمانان و ئەوەی بۆ ژیانیان گرنگە بەمەبەستی ڕێکخستنی ژیانیان، وە ئەم فقە بەجۆرە شەرعی خوا نیە بەڵکو کاری خۆکردی مرۆڤە بەڕێنوێنی شەرعی خوا وەهەروەها دینیش نیە بەڵکو ڕێگاو شێوازی تێگەیشتنی (فقیە) لە دین و شەرع و ووردەکاریەکانی وە ڕێبازێکە بۆ هەوڵدان بۆ چاکترین تێگەیشتن لە دین و شەرع و بەکارهێنانیان، کەواتە ناکرێ بێ هەڵەو پەلە بێ وە بێگەرد نابێ لە هەڵە هەروەك ڕەنگە ڕاست و دروستیش بێ وە ڕاستیشی تێ دەکەوێ و هەڵەش.**



**وە ئەوەش پێی هەڵدەستێ ئەگەر ڕاستی کردو پێکابوی دوو ئەجری لای خوا هەیە ئەگەر ڕاستی نەکردو نەیپێکابوو هەر تەنها ئەجری هەوڵدانی هەیە. هەروەك ئیمامی شافعی ئەڵێ : ئەو ڕایەی من با ڕاستیش بێ ئیحتمالی ئەوەی هەیە هەڵەبێ، ڕای بەرامبەریشم با هەڵەش بێ بەلاّم هەر ئیحتمالی ڕاستی هەیە.**

**هەروەها مەرج نیە هەرچی لەبواری کتێبە فقهیەکانا هاتبێ یان لە وتەکانی پێغەمبەرا هاتبێ هەموی دینی و عەقیدەتی بێ زۆر شت هەیە پەیوەندی بە دین و عەقیدەوە نیە وەك مەسەلەکانی خواردەمەنیەکان یان مەسەلە تەندروستی و پزیشکیەکان یان ئەوانەی پەیوەندیان بەجلوبەرگی خەڵکەوە هەیە ئەمانە مەرج نیە هەموی دینی بێ. لەم بارەیەشەوە باشترین بەڵگەمان پێغەمبەرە (د.خ). بۆ ئەو مەسەلانەی کە کاروباری دنیایە ئەگەر پێغەمبەر قسەشی کردبێ قسەکەی ئەو هەڵە بووەو وەك ڕاست دەرنەچووە ئیتر خۆی لەمەسەلەکانی دنیایی موسڵمانان قوت نەکردوەتەوە، وەپێی وتون ئێوە باشتر لە کاروباری دنیایی خۆتان دەزانن لەمەدا ڕون بێتەوە بۆمان کە جیاوازی هەیە لە نیوان فەرمانەکانی پێغەمبەر لە کاروباری دنیایی موسڵمانان کەئەوە ئیشی خۆیان بووە، بەڵگەش بۆ ئەمە کاتێ پێغەمبەر ساڵێك بەخەڵکی**

مەدینەی وت ئەمساڵ دارخورماکان لە نێرەکانیان چاك مەکەن، کاتێ بە قسەیان کرد ئەو ساڵە خورماکان خورمایان نەگرت، دوایی پەشێمان بوەوەو وتی (**انتم اعلم بشؤون دنیاکم**) واتە ئێوە چاکتر لە کاروباری دنیای خۆتان دەزانن.

کەواتە زانیاری بەوەی کە کاروباری دنیایی موسڵمانان خۆیان باشتر لێی دەزانن و پێویستە فقیهە خۆی تێ هەڵنەقورتێنێ کاری پێغەمبەر بوە پێویستە فقیهەکانیش وابکەن بەمەرجێ پێچەوانەی دەقێکی ئاشکرای قورئان نەبێ.

وەهەروەها ئەو کاروبارە پزیشکیانەی کە لە کتێبە فقهیەکاندا ناوی هاتووە هەموی کاروباری دنیاییە دوای ئەوەی ڕای پزیشك و پزیشکی لەسەر مەسەلەیەکی ئاوەها وەرگیرا دوایی ڕای زانای ئاینی و مفتی و فقیە وەردەگیرێ، وە لە دواییدا ڕای فقیە ئەکەوێتە دوای ڕای دکتۆرو پزیشکیەوە کەواتە ئەبێ ڕای فقیە لەسەر بنەمای ڕای پزیشك دابنرێ نەك بەپێچەوانەوە.

کەواتە ئەگەر ئەم پرنسیپەی سەرەوە کە باسمان کرد لەسەر خەتەنەکردنی مێینە بچەسپێنین ئەبێ بزانین کە هەر کەسێ هات و ڕێنوێنی دا بە موسڵمانان لەسەر پرسێکی یەکجار هەستیاری وەك خەتەنەکردنی مێینە کە



دوا ڕۆژو چارەنووسی کچانی وڵاتەکەمانی پێوە بەندە ئەبێ ئەو کەسە هەموو مەرجەکانی (فقیە) کە دانراوە تیادا هەبێ وە ئەوە کاری مەلایەك یان ئامۆژگارێك یان موفەسیرێك یان شارەزایەك تەنها لە بواری حەدیسا نیە بەڵکو ئەبێ ئەو فقیە شارەزایی و پسپۆڕی تەواوی هەبێ بەسەر فقە و اصول فقەو زانستیە ئیسلامیەکان هەموی دا، وە ئەبێ شارەزایی لەسەر ئەو دیاردە هەستیارەو مێژوەکەی و هۆکارە ئابوری و کولتوریەکانی و ڕاستیە زانستیەکانی ئەو دیاردەیەو هەموو گۆشەو کەنارەکانی دا هەبێ. وە ئەبێ بزانێ کە ئایا بڕینی ئەو پارچە گۆشتە لە شوێنێکی وا هەستیاری کچێك چی سودی هەیەو چەند زیان دەگەیەنێ و چ زیانێ لە ژیان و چارەنوسی ئەو کچە دەدات و ئەگەریش نەیبڕین چ سودی هەیەو لە هەموو ڕویەکەوە لێکۆڵینەوەی لەسەر بکات بەمجۆرەش (فقیە) فەتوایە بدا لەسەر بنەمای ڕاستیە زانستیەکان و پزیشکیەکان نەك عەنعەنەو کولتورە باوە کۆنەکانی ناو خەڵك.

وە هەموشمان دەزانین کە ڕای پزیشکی لەسەر خەتەنەکردنی مێینە ئەوەیە : بڕینی پارچەیەك یان هەموو ئەو پارچە گۆشتەی کۆئەندامی زاوزێی دەرەکی کچان، وە بەم هۆیەشەوە بێ بەشکردنی کچان لە ئەرکو خۆشیە خوا

پێداوو سروشتیەکانی جەستەیی کچ کە تەنها هەر لەبەر ئەو خۆشی وەرگرتنە خوا ئەو پارچە گۆشتەی دروست کردووە تا بەهۆیەوە کچیش وەك کوڕ لە خۆشی جووت بوون بێ بەش نەبێ.

بەڵام بەبڕینی ئەو پارچە گۆشتە مافێکی ژن پێشێل دەکەی کە خوا پێی داوەو هەموو چارەنوسی ڕەش دەکەی.

لێرەوە دەپرسین کام فقیە کە شارەزایی تەواوی بەسەر ئەم هەموو شتانەدا هەبێ دەتوانێ و ویژدانێ ڕێ دەدا فەتوای بڕین بدات ؟؟.

❊❊ پرسیاری سێیەم : هەر لەبەرئەوەی ئەم وتانە لاوازن ناکرێ ئێمە ئیتر کاریان پێ نەکەین، چونکە لەزۆر جێی تردا لە فقەدا کار بەوتەی لاواز کراوە ئەگەر سودی ئەخلاقی بۆ کۆمەڵگا بوبێ، کەواتە ئەبێ ئێمە کار بەم وتە لاوازە بکەین لەبارەی خەتەنەکردنەوە چونکە پەیوەندی بە ئەخلاقی کۆمەڵگاوە هەیە.

❊❊ وەڵامی پرسیاری سێیەم : ئەوانەی کە کار بەوتەی لاواز دەکەن لە هەموو جێیە کاری پێ ناکەن بەڵکو بەوتەیە کار دەکەن کە لەمانە بەهێزترن وەهەروەها بۆ مەسەلەیەك کاری پێ دەکەن کە بەئەندازەی خەتەنەکردنی مێینە هەستیارو گرنگ نیە بەتایبەت خەتەنەکردن پەیوەندی بە ژیان و دوارۆژو چارەنوسی نیوەی



کۆمەڵگاوە هەیە لێرەدا جیاوازە، چونکە هەم وتەکان زۆر لاوازن هەمیش مەسەلەکە مەسەلەیەکی چارەنوسسازو هەستیاری ناو کۆمەڵگایەو مافی خەڵکی تیا پێشێل دەکرێ.

دوای ئەوەش بەرنامەی ئیسلامی ڕاست بۆ بەگژاچونەوەی خەتەنەکردنی مێینە تەنها لەسەر لاوازی وتەکان نیە بەڵکو پرنسیپی بنەڕەتیشی هەیە لەوانە :ــ

یەکەم : لە کۆڵەکە سەرەکیەکانی بەگژاچونەوەی خەتەنەکردنی مێینە : تێگەیشتنی تەواو زانستیانە بۆ پرسی خەتەنەکردنی مێینە نەك لەسەر بنەمای سەرپێییانەی بۆماوە کۆنە جەماوەریەکان کە بنەمای زانستی نەبێ ئەمەش چوار خاڵ دەگرێتەوە کە دەبێ بیزانین وە ئەبێ زانستی تەواومان بەرامبەر ئەم دیاردە خراپە هەبێ ئەویش :

أ) پێویستە وەصفێکی زانستیانەو پزیشکیمان بۆ ئەم دیاردەیە هەبێ کە علم ئەڵێ: خەتەنەکردن بڕینی کەمی یان هەموو ئەو پارچە گۆشتەیە کە لە هەستیارترین جێگای جەستەی ژندایە ئەویش کۆئەندامی دەرەکی ژنە، ئەمەش پێچەوانەی ئەو وتە باوەیە کە ئەڵێ: (تەنها بڕینی زیادە گۆشتێکە کە سودی نیەو زیانی هەیە). ئەم قسەیە درۆیە، ڕاستیە زانستیەکە ئەوەیە ئەو

کاره بڕینی پارچەیەکی سەرەکی گرنگە کە ئەرکی تایبەتی هەیە لە جەستەو ژیانی مرۆڤداو خوا بەخۆڕایی و بێ سوود دروستی نەکردووەو خوێنی بۆ دێ و هەستی تیایەو بە گۆڕینی ئەو پارچەیە گۆڕین بەسەر ژیانی خاوەنەکەیدا دێ لە هەموو حاڵەتێکا.

ب) ئەرکە سروشتیەکانی ئەم پارچە گۆشتە بەپێی قسەی پزیشکان و زانایانی بواری جەستەی مرۆڤ ئەمانەیە:

١- پاراستنی هەموو کۆئەندامی زاوزێی بەهۆی ئەم پارچە گۆشتەوە.

٢- ئەم پارچە گۆشتە لە کاتی کاری سێکسیدا شلەیەکی سروشتی دەڕێژێ لەبۆ هەردوو ژن و پیاو خۆشی و لەزەتێك دەبەخشێتە هەردوولا تا زیاتر هەست بەچێژی خۆشی سێکس بکەن و زیاتر لێك تێبگەن.

٣- هۆیەکی گرنگە بۆ تێربوون و ڕەحەتبونی ژنیش کە ئەوە لە ڕوی مرۆڤایەتیش و شەرعیشەوە پێویستەو ئاسانتری دەکات.

٤- ئەگەر نەبڕێ و بەدرێژی بمێنێتەوە لەکاتی میزکردندا میزەکە لە جەستەی ژن دور دەخاتەوە ئەوەش پاك و تەمیزیە.

ج) ئەو کارەساتانەی لە ڕوی تەندروستی و کۆمەڵایەتی و نەفسیەوە بەدوای ئەو بڕینەدا دێ، هەر



لەسەر بنەمای ئەو شتانەی باسمان کرد ئەکرێ بزانین کە ئەو خەتەنەکردنە چ کارەساتێ بەدوا خۆیدا ئەهێنێ چ لە نزیك و چ بۆ دوریش ئەوەش بەپێی سەرجەم کتێبە پزیشکی و تەندروستیەکان لەوانە لەسەر ئاستی تەندروستی، بێ بەشکردنی ژنان لە ئەرکی سروشتی ئەم پارچە گۆشتە هەستیارە ئەویش بۆ هەتاهەتایی و چ کەم بێ چ زۆر ئەو بێ بەشکردنە لەو خۆشیە پەیوەستە بە کەم و زۆری بڕین و قرتاندنی ئەو پارچەیەوە، ئەو کچە بچووکە توشی چەندین ئازارو ترسی تەندروستی تر دەبێتەوە دەرئەنجامی ئەو کارە ترسناکە کە ڕەنگە بەدرێژایی ژیانی پێوەی بنالێنێ، لە ڕوی کۆمەڵایەتی و نەفسیشەوە : ئەم خەتەنەکردنە ئەزمونێکی تاڵ و بەئازارو ترسناکە کە بێ متمانەیی و ترس و دڵەڕاوکێ و کێشەی نەفسی بەدوادا دێ کاتێ کچ وا لەخۆی تێ دەگا کە ئەوەندە ترسناك و حیابەرەیە ناتوانێ ڕێز لە جەستەی خۆی بگرێ و خەڵك دێن بەزۆر پارچەیەکی لێ دەبڕن بەناوی دین و حەیاوە، وە ئەوەندە خۆی بەکەم دەزانێ دوایی بێز لە خۆی دەکاتەوە، بەمجۆرەش ئێمە خۆمان بەدەستی خۆمان کچەکانمان لەسەر خوڕەوشت و بەهایەکی زەرەرمەندو خراپ و بۆگەنی کۆمەڵگا بەخێو دەکەین.

د ) ئایا بۆ خێزانی میسری کچ خەتەنە دەکەن ؟
ئەو بیروباوەڕانە چین ئەم کارە دەسەپەێنێ ؟.

زۆر لە لێکۆلیاران لەسەر ئەوە کۆکن کە کۆمەڵێ نەریتی کۆمەلایەتی هۆکاری ئەم کارە قێزەونەن بەبێ هیچ بنەمایەکی زانستی، گرنگترین ئەو هۆکارانە : ـ

& خەتەنەکردن زەوق و شەوق و حەزی سێکسی کچان کەم دەکاتەوە ئەمەش شەرەف و ئەخلاقی پارێزراو دەبێ.

& ژنی خەتەنە نەکراو زەوق و شەوقی سێکسی ئەوەندە زۆرە پیاو دەرەقەتی نایەت و کە خەتەنە کرا ئەو زەوقەی نامێنێ و ئەگەر پیاوەکەی نەیتوانی یان نەخۆش بوو یان لە ماڵ نەبوو ئەو ژنە ئەملاولای تر ناکا بەدوای سێکسداو شەرەفی پیاوەکەی ئەپارێزێ.

& ئەو قسەو قسەلۆکە کۆن و ئەفسانەییانەی کە دەڵێ : ژن دوای خەتەنەکردن دەبێتە سەرەژن و بەکەڵکی شوکردن و منالبون دێ.

& ئەو قسەو ئەفسانە خراپەی کە دەڵێ: ژن بەخەتەنەکردن جوان دەبێ چونکە پارچەیەکی پیس لە جەستەی دەبێتەوە.



دووەم : لە کۆڵەکە سەرەکیەکانی بەگژاچونەوەی خەتەنەکردنی مێینە :

لەسەر بنەمای ئەو باسانەی پێشوو دەتوانین پرنسیبە سەرەکیەکانی ئیسلامی بەکار بهێنین و ڕون بکەینەوە بۆ بەگژاچونەوەی ئەم کارە دزێوە،ئەویش بە:

أ) هیچ بەڵگەیەکی شەرعی نیە کە بە ئاشکرا بیچەسپێنێ کە خەتەنەکردنی مێینە سونەتە یان باش و خێرو چاکەیە وەك باسمان کرد.

ب) بەپێی وتەی بەناوبانگی پێغەمبەر (د.خ) کە دەفەرموێ **(لاضرر ولاضرار)** سەرجەم ئاینەکان و لەسەروشیانەوە ئاینی ئیسلام بەهایەکی زۆر بۆ سەرو سیحەت و سەلامەتی لە ڕوی جەستەو نەفس و فکرو چارەنوسەوە بۆ مرۆڤ دادەنێن، وە وتەکەی پێغەمبەر (د.خ) بە ئاشکرا هەموو موسڵمانی هەڵدەنێ کە پێویستە کارێ نەکەن زیان بەخۆیان بگەیەنێ یان بەخەڵکی تر، کاتێ خەتەنەکردنی مێینە بە ئاشکرا زیانێکی جەستەیی و نەفسی و داهاتویی و چارەنوسسازێ بەکچ بگەیەنێ بەپێی هەموو پێوانەو زانستێکی پزیشکی و کۆمەلایەتی و سێکسی دیارە ئەمە ئەچێتە بواری زیان گەیاندنەوە، کەواتە حەرامە. هەروەك خوا دەفەرموێ (ولا تقتلوا انفسکم) لە سورەتی (نساء)دا ئایەتی (٢٩)، یان هەر وەك

دەفەرموێ (ولا تلقوا بأيديكم الى التهلكه) لە سورەتی (البقره) ئایەتی (١٩٥)دا، ئەمەش زیانێکی زۆرو کوشتنێکی مەعنەویە لە نەفسی کچەکەدا وەئیتر بێ بەشکردی ژنە لە مافێکی سروشتی خوا پێدراوی خۆی، بۆیە ئەکرێ بڵێین نەشیاوە بەپێی شەرعی خواو ئیسلام.

ج) خراپە کە مەخلوقی خوا بونەوەری خوا دەسکاری بکەین، خوا لە قورئانا دەفەرموێ : (لقد خلقنا الانسان فی احسن تقویم) کاتێ مرۆڤ بەمەبەستی جوانکاری و جوانکردن مێینە خەتەنە بکاو بەشێك لە جەستەی جوان و هەستیاری کچ ببڕێ، کەواتە ئەو ئایەتە بەدرو دەخاتەوە (خوا پەنامان بدا) وە گوایا خوا باش و جوانی دروست نەکردوەو مرۆڤ جوانی دەکا ؟؟. ئێمە دەڵێین بەپێچەوانەوە خوا جوانی دروست کردووە مرۆڤ بەبڕین و بریندارکردن تێکی دەدات، وە هەروەها پێغەمبەریش (د.خ) نەهی کردوە لە دەستکاری کردنی خەلقی خواوەند وە قورئانیش بڕین و دەسکاری کردنی جەستەی تەنانەت ئاژەڵ و گیاندارانیش بە یاخی بون دەزانێ، ئەوەتا خوا لە باسی یاخی بون و خراپەکانی شەیتان پێمان ئەفەرموێ : شەیتان ئەوەندە خراپە فەرمان دەکا بەبڕینی جەستەی ئاژەڵەکان یان گۆڕینی خەڵقی خوا بۆیە لە سورەتی (نساء) ئایەتی (١١٩)دا دەفەرموێ **{وَلأُضِلَّنَّهُمْ وَلأُمَنِّيَنَّهُمْ وَلآمُرَنَّهُمْ**



**فَلَيُبَتِّكُنَّ آذَانَ الأَنْعَامِ وَلآمُرَنَّهُمْ فَلَيُغَيِّرُنَّ خَلْقَ اللّهِ وَمَن يَتَّخِذِ الشَّيْطَانَ وَلِيّاً مِّن دُونِ اللّهِ فَقَدْ خَسِرَ خُسْرَاناً مُّبِيناً}.**

د) ڕێنماییەکانی ئیسلامی تەواوی مافی پەیوەندیەکی تەندروست و سەرکەوتوو تێری داوە بە ژنانیش وەك پیاوان وە ئەم ڕێنماییانە پێمان دەڵێ: دەبێ پەیوەندیەکی پڕ سۆزو ڕێزو خۆشەویستی لە نێوان ژن و پیاودا هەبێ دور لە خۆ بەزل زانینی پیاوان و خۆپەرستی و ئەو نەریت و ڕێنماییانەی کە ژنیان تەنها بۆ تێرکردنی ئارەزوی پیاوان داناوە ئەوانە دورن لە ئیسلام و تەنها چەند نەریتی قێزەونی بۆماوەی خێڵەکی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای دواکەوتووی جاهیلیەتی عەرەبیە هەر ئەمەش وای کردوە خەتەنەکردن دابنێن تا پیاو بەئارەزوی خۆی لەزەت لەژنێکی ساردوسڕی ئارەزوو بڕاوی سەرکوت کراو وەرگرێ و ژنەکەش بێ هیچ ماف و ئازادیەك، بەڵام ڕێنمایی ئیسلامی هانی گەیشتن بەمەرامە حەڵاڵەکانی ئیسلامی دەدا ئەویش بەتێرکردنی ئەنگیزە سێکسیەکانی هەردوولا چ ژن و چ پیاو و تێرکردنی ئارەزوەکانی هەردولا بێ جیاوازی لە بازنەیەکی حەڵاڵ و شەرعی دا.

ئەوەتا پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێ : (ئەگەر کەسێکتان چوونە لای ژنەکانتان با لەپێشا دەستبازی و

چاوباشقەڵی لەگەڵدا بکا تا ئەویش وەك خۆت ئارەزوی دەبێ ئینجا دوای ئەوە کاری خۆتان بکەن وەئەگەر کاری خۆشت کرد لەگەڵیا ڕاستگۆبەو لە ناخەوەو بەدڵ لەگەڵی خەریك بەو هەرکە خۆت لێ بویتەوە پەلەی لێ مەکە تا ئەویش لێ دەبێتەوە). ئەمە نیشانەی ئەوەیە پێغەمبەر (د.خ) باسی ئەم وردەکاریانەشی کردووە بێ ئەوەی باسی خەتەنەو شتی وا بکا، وە کاتێ ئەمە دەڵێ چۆن دەکرێ ژن لێ بێتەوەو ڕەحەت ببێ ئەگەر خەتەنە کرابێ و ئەو پارچەیەی هۆی ڕەحەت بونە قرتێنرابێ یان لێ کرابێتەوە، ئەمە ڕێگاو ڕێنمایی ئیسلامیە نەك چەوساندنەوەو ستەمکردن لەو بوارەدا.

ه) ڕێنماییە ڕاستەقینەکانی ئیسلامی دژی هەموو بیروباوەڕو نەریت و کولتورە کۆمەڵایەتیە کۆن و قێزەونەکانی کۆمەڵگای جاهلیە کە کۆمەڵگا بەرەو خەتەنەکردنی مێینە دەبات.

ئیسلام هەموو ئەو نەریت و بیروباوەڕە کۆنانە بەرپەرچ دەداتەوە کە خێزانەکان هان دەدا بۆ خەتەنەکردنی مێینە وەك ئەو بەیت و بالۆرانەی کە دەڵێ: ژن لە پیاو حیشەری ترو پڕ ئارەزوترە بۆیە دەبێ خەتەنە بکرێ تا ئارەزوی کەم ببێتەوە یان وەك دەڵێن : ژن جەستەیەکی بەرەڵلایە و بێ عەقڵە دەبێ سندم بکرێ... ئیسلام پێی



وایە هیچ کام لەم بەیتو بالۆرەو قسە ئەفسانەییانە جگە لە قسەی پوچ زیاتر هیچی تر نیە، وتەی پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێ : (ژنان هاوشان و هاوپەیکەری بونەوەری پیاوانن نەك لەوان جودا بن) وە هەروەها لای ئیسلام ژنانیش وەك پیاوان خاوەنی هەست و نەست و بیرو هۆشیاری و عەقڵی خۆیەتی وە دڵ و دەرون و دین و دنیای خۆی لا بەڕێزە وەك پیاو وە خورەوشت و بەهای مرۆڤایەتی خۆی خۆش دەوێ وەك پیاو.

وە هەروەها بەیت و بالۆرەیەك هەیە دەڵێ : خەتەنەکردنی ژن هۆیەکە بۆ گێڕانەوەی لە کاری خراپ و بەدڕەوشتی، ئەمەش درۆیە بەبەڵگەی زانستی چونکە ئارەزوی ژنیش وەك پیاوسەرچاوەکەی عەقڵ و بیرو مێشکە، نەك هۆیەکانی تر.

بۆیە بەهاو خورەوشتی ژنیش وەك پیاو بە عەقڵ و بیرو پەروەردەکردن خراپ دەکرێ یان چاك پەروەردە دەکرێ نەك بە بڕین ی جێگایەك یان هێشتنەوەی قیتکەو سەری ئەندامی زاوزێ، جەستەی ژن و پیاو خزمەتکارێکی گوێڕایەڵی عەقڵە، ئەگەر عەقڵ باش پەروەردەکارو سەلامەت بێ جەستەش هەروەها دەبێ، ژنی خەتەنەکراو یان نەکراو لەژێر کاریگەری پەروەردەو ڕەوشتی دا دەبێ، وە خێزانی پەروەردەکراو کچی لێ وەدەردێ ئەگەر باش

پەروەردە کرابێ ئەویش باش دەبێ خەتەنە کراوبێ یان نا ئەگەریش خراپ پەروەردە کرابێ هەر خراپ دەبێ.

ئیتر برینی پارچە گۆشتێ کە ژیان و هەست و نەستی کەم دەکاتەوە هیچ پەیوەندی بەپەروەردەو ڕەوشتەوە نابێ تەنها ئەوەندە نەبێ ئەو ژنە تا ژیانی ماوە هەست بەکەمی دەکات و خۆی بەنەخۆش دەزانێ، داوێن پاکی و سەربەرزی و ڕەوشت بەرزی لە کارە جوانەکانی ئیسلامیە بۆ ژن و پیاو وە پێویستە لەسەر هەردوولا، ئیتر ئەمە بەخەتەنەکردن نابێ بەڵکو بە لە خواترسی و عبادەت و خواناسی دەکرێ نەك بە چەقۆی تیژو چاو سورکردنەوەو کرداری دژی مرۆڤانە.

*** پرسیاری چوارەم : ئەصل لە هەمو شتێ ڕێگەپێدان و قەدەغەنەکردنە، وە دەقێکی شەرعیش نەهاتووە خەتەنەکردن قەدەغە بکا. کەواتە ئەم کارە لە ئەصڵدا ڕێگەپێدراوە واتە خەتەنەکردن ئەمێنێتەوە سەر ڕای خێزان و سەرۆك خێزان بڕیاری لێ بدەن ئیتر بۆ ئێمە بڵێین نابێ بکرێ ؟؟؟.

*** وەڵامی پرسیاری چوارەم : ڕاستە پرنسیپێکی فقهی هەیە دەڵێ : ئەصڵ لە هەموو شتێ ڕێگەپێدانە بەڵام ئەمە بۆ ئێرە نیە، بەڵکو ئەصڵ لە هەموو شتێ ڕێگا پێدراوە بۆ ئەو شتانەی کە خوا دروستی کردون بۆ



بەکارهێنان و خواردن و سوود لێ وەرگرتن وەك ئاوو دارو زەوی و بەروبومی زەوی نەك ئەوەی کە تۆ ڕێگە بەخۆت بدەی دەستدرێژی بکەیتە سەر ماڵ و موڵك و سامان و جەستەی کەسێکی ترو بڵێی ڕێگام پێدراوە یان بەشێ لە جەستەی کەسێ بکەیتەوەو دەستدرێژی بکەیتە سەر ناموسی خەڵك و بڵێی ڕێگا پێدراوە، ئەمانە نەك ڕێگا نادرێ بەڵکو سزای قورسی بەدوادادێ، خەتەنەکردنی مێینەش دەستدرێژی ئاشکرایە بۆ سەر جەستەی کچێکی بچووکی نابالغ بەترساندن و تۆقاندن و بڕین و بریندارکردن ئەمەش سزای هەیە بەو تاوانە بەو ئەصڵە یاسایی و شەرعیەی کە دەڵێ : (ماڵ و خوێن و ناموس و کەرامەتی یەکتر بەیەکتری حەرامەو سزای هەیە) ئەمەش کۆدەنگی یاساو شەرع و دنیای لەسەرە.

***** پرسیاری پێنجەم :** خەتەنەکردنی مێینە نەریتێکی کۆنە نەریتیش سەرچاوەیەکی یاساو شەرعە، کەواتە : ئەگەر بڵێین ئەبێ ئەم نەریتە ڕێگا پێدراوە لەبەرچاو بگرین ؟؟.

*** وەڵامی پرسیاری پێنجەم : ئەو نەریت و عەنعەنەیە کاری پێ دەکرێ کە لەگەڵ دەقێکی شەرعی دژ بەیەك نەبن وەئەو نەریتە بەسوودبێ بۆ مرۆڤایەتی و کۆمەڵگا. خەتەنەکردنیش پێچەوانەی ئەو دەقانەیە کە

بڕینی پارچەی جەستەیان حەرام کردووەو زیان گەیاندنیان حەرام کردوە، کەواتە ناکرێ ئەو نەریتە کە پێچەوانەی دەق بێ لەنەزر بگرین و کاری پێ بکەین، چونکە نەریتی خەڵك ئەگەر قێزەون و زیانبەخش و پێچەوانەی دەق بوو قەدەغە دەکرێ نەك کاری پێ بکرێ، وە ناکرێ ڕای فقیەیێ وەربگرین لەسەر مەسەلەیە دوای ئەوەی کە دەرکەوت لە ئەصلی شەرعدا ئەو کارە خراپە یان زیانبەخشە، با ڕای کەمینەی زانایانیشی لەسەر بێ.

*** **پرسیاری شەشەم** : ئایا موافەقەت و پەسەندکردنی بەخێوکەری کچ یان کچەکە خۆی لەسەر خەتەنەکردن بەس نیە بۆئەوەی کە کارەکە بکرێ لە ڕوی شەرعی و یاساییەوە ؟؟.

*** **وەڵامی پرسیاری شەشەم** : موافەقەتی بەخێوکەر هەر نابێتە هۆی ڕێگاپێدانی خەتەنە، چونکە بەخێوکەر خاوەنی جەستەی کچەکە نیە بەڵکو بەرپرسە لە بەخێوکردن و پەروەردەکردنی پەروەردەیەکی ڕاست و دروست و سەرپەرشتیکردنی وەجەستەکەی دروستکراوی پەروەردگارەو تەنها ئەو خاوەنیەتی، هەروەها کچەکە خۆشی بۆی نیە شوێنێ لەخۆی ببڕێ بەئارەزوی خۆی چونکە خوا ئازاردانی جەستەی خۆت بە ئارەزوی خۆت یان خۆکوشتنی حەرام کردووە.



بەجۆرە خەتەنەکردنی مێینە لە ڕوی شەرع و یاساوە دەچێتە خانەی تاوانەوە چونکە دەقی وتەی فقیەکان لەسەر ئەوەیە بڕینی هەردوو قیتکەی کۆئەندامی دەرەکی زاوزێی مێینە بەتاوان حسابەو قەرەبوی دەکەوێ بەپێی شەرع، قەرەبوش سزایەکە بۆ تاوانکارو مافێکە وەردەگیرێ بۆ تاوانلێکراو، وە بەڵگەی زاناکانیش بۆ ئەمە ئەوەیە کە ژن بەهۆی ئەو دوسەری قیتکەیەوە خۆشی لە سێکس وەردەگرێ بەبڕینی ئەو دو جێیەش خۆشی کەم ئەبێتەوە لە کاتی سێکس کردنا یان هەر نامێنێ کەواتە سزای قەرەبوو وەرگرتنی بۆ دانراوە، وە هەروەها ابن حزم ی طاهری لە کتێبەکەی بەناوی المحلی (١٠/٤٥٨)دا دەڵێ : نەك قەرەبوو بەڵکو تۆڵەی (القصاص) لەبریا دانراوە واتە ئەگەر هەرکەس ئەو تاوانەی کرد (بەدەستی ئەنقەست) پێویستە تۆڵەی (قصاص)ی بسەنرێ لێ بکرێتەوە نەك قەرەبوی لێ بسەنرێ واتە وەك ئەو تاوانلێکراوەی لێ بکرێ وەبە قەرەبوی دارایی ناکرێ.

*** **پرسیاری حەوتەم** : ئێمە خەتەنەکردنی شەرعی و سونەتی پێغەمبەرمان دەوێ نەك خەتەنە کۆنەکەی فەرعونی یان ئەفەریکایی تا زیاتر پابەندی سونەتی پێغەمبەر (د.خ) بین. وەئەبێ بپرسین ئایا جگە لە کێشەی خەتەنەکردن لە وڵاتانی ئیسلامیدا هیچ کێشەی تر نیە کە

قسەی لەسەر بکەین، وا ئەم کێشە بچوکە گەورە کراوەو گرنگی پێدراوە، ئایا ئەمە بەفیتی ڕۆژئاواو دوژمنانی ئیسلام نیە ؟؟.

***** وەڵامی پرسیاری حەوتەم :**

خاڵی یەکەم : لە سونەتی پێغەمبەردا (د.خ) شتێ نیە بەناوی خەتەنەکردنی مێینە، چونکە ئەگەر لەسەرجەم ووردەکاری ژیانی پێغەمبەرو خێزانەکانی بکۆڵینەوە شتێ نابیستین باسی خەتەنەکردنی کچەکانی یان ژنەکانیمان بەرگوێ ناکەوێ یان بەرچاو ناکەوێ یان کەسێ لە بنەماڵەو خێزانەکەی.

خاڵی دووەم : زۆرترین دەوڵەتانی ئیسلامی وەك سعودیە و وڵاتانی کەنداوو لبنان و سوریا و فەلەستین و لیبیا و تونس و جەزائیرو مەغرب و ئەندنوسیاو مالیزیاو ..... هتد ئەم کارە خراپە ناکەن.

دەپرسین ئایا ڕەوایە زۆرترین وڵاتانی موسڵمان سونەتێ واز لێ بهێنن و جێبەجێی نەکەن تەنها میسر یان چەن جێیەکی ئەم وڵاتانە نەبێ ؟؟. وە ئایا ئەو هەموو وڵاتانە ئەوەندە نەزانن بەکاروباری ئیسلامی ئەم سونەتە ترسناکەیان ئاگا لێ نەبێ تەنها چەن کۆلکە مەلایەکی لای ئێمە ئاگادارن ؟؟.



خاڵی سێیەم : گرنگیدان بەم مەسەلە گرنگە پەیڕەوکردنی هەڵڵاو میدیای ڕۆژئاوا نیە کە لەم دواییەدا لەسەرمان کراوە یان هۆکارەکەی کاریگەری بەگژاچونەوەو دژایەتیەکانی ئەوان نیە. بەڵکو زۆر لە کۆنترەوەو لەپێش ئەم هێرشە ڕۆژنامەیی و میدیاییەی ڕۆژئاواوە زانا گەورەو بەناوبانگەکانی ئیسلام ئەم کارەیان پێ خراپ بووە هەروەك لە چلەکانی سەدەی بیست دا چەندین فەتوای شەرعی لەم بارەیەوە دراو باس لەوە کراوە کە ئەوە نەخێرەو نەسونەتە، وەك فەتواکەی زانای بەناوبانگ شێخ حسنین مخلوف ساڵی ١٩٤٩ وە سید سابق لە کتێبە بەناوبانگەکەی (فقه السنه) لە چلەکانداو ئەم کتێبە بووە بە سەرچاوەیەکی گرنگی شەرعی تا ئەمرۆشی لەگەڵدا بێ وەهەروەها فەتواکەی شێخ محمد رشید رضا لە گۆڤاری مەناری ساڵی ١٩٠٤.

کەواتە گرنگیدان بەم مەسەلەیە گرنگیدانێکی مرۆڤ دۆستانەی ئیسلامیانەیە پێش هەموو شتێ وەزیانێکی جەستەیی و نەفسی و ڕەگەزی و سێکسی یە دەبێ نەکرێ و هەوڵ بدەین دایکان و باوکان ئەم کارە نەکەن.

دەبا هەمومان لەم کارە خۆمان بەدور بگرین و ڕاسپاردە بەناوبانگ و گرنگەکەی پێغەمبەر (د.خ)

جێبەجێ بکەین کە دەفەرموێ : (ڕاسپاردەی خێری ژنان بکەن).

سەرجەم زانا هەرە بەناوبانگ و گەورەکان دژی خەتەنەکردنی مێینەن.

**١) شێخ رشید رچا ساڵی ١٩٠٤ :**

لە گۆڤاری (المنار)داو لە ١٨/٣/١٩٠٤دا شێخ رشید وتارێکی نوسیوە لە ژێر ناونیشانی ئایا خەتەنەکردن واجبە یان سونەتە لەو وتارەدا دەڵێ: (ئیبن المنذر ئەڵێ : لە بارەی خەتەنەکردنەوە هەواڵێکمان نیە تا بۆی بگەڕێینەوەو سونەتێکمان نیە تا دوای بکەوین، ئەوانەش لەسەر خەتەنەکردن و سونەت بونی قسە دەکەن تەنها وتەکەی ئوسامەیان بەدەستەوەیە کە ئیمامی ئەحمەدو بەیهەقیش لێیان گێڕاوەتەوە کە گوایا پێغەمبەر (د.خ) فەرمویەتی (خەتەنەکردن بۆ پیاوان سونەتەو بۆ ژنانیش ڕێزو حورمەتە)). گێڕەرەوەی ئەم وتەیە کە حەجاجی کوڕی ئەرطئەیە پیاوێکی پیسە. دەقی نوسینەکەی ڕشید رضا تەواو بوو.

**٢) شێخ حسین محمد مخلوف :**

ئەم زانایە موفتی هەموو وڵاتی میسر بووە ساڵەکانی (١٩٤٦ - ١٩٥٠) وە ئەندامی دامەزرێنەری رابیتەی جیهانی ئیسلامیە لە سعودیە وە هەڵبژێراوی ئەنجومەنی



باڵای دادگای سعودیە بووە، هەموو فەتواکانی بەبیروڕای ڕیفۆرمی و گونجاو لەگەڵ ڕۆژگار بەناوێ بووە.

ساڵی ١٩٤٩ فەتوای لەسەر خەتەنەکردن بەجۆرە داوە وەك پرنسیپ : زۆربەی زانایان لەسەر ئەوە کۆکن کە خەتەنەکردنی مێینە واجب نیەو ئەگەریش نەکرێ کەس پێی گوناهبار نابێ، بەڵام خەتەنەکردنی پیاوان واجبەو ئەوە لە عەنعەنەی میللەتی ئیبراهیمە وە هەروەها لێیان پرسیوە : ئایا خەتەنەکردنی کچان واجبە یان نا بەپێی شەرع ؟. لە وەڵامدا وتویەتی زاناکان جیاوازی بیروڕایان هەیە لەسەر خەتەنەکردنی نێرو مێ : شافیعیەکان پێیان وایە واجبە بۆ نێرو مێ، حەنبەلیەکان پێیان وایە بۆ پیاو واجبەو بۆ ژن هەر تەنها سونەت و خێرەو هیچی تر، ئەمەش ڕای زۆربەی زانایانە.

ئەبو حەنیفەو ئیمامی مالك یش پێیان وایە بۆ ژنان واجب نیە و تەنها سونەتە.

کورتیەکەی ئەوەیە خەتەنەکردنی مێینە لەلای زۆرینەی زانایان واجب نیەو بەنەکردنی کەس گوناهبار نابێ، بەڵام بۆ نێرینە واجبەو لە عەنعەنەی میللەتی ئیبراهیمە، کەواتە خەتەنەنەکردن گوناه نیە.

**٣) شیخ سید سابق خاوەنی کتێبی (فقه السنه):**

ئەم زانایە کە یەکێکە لە گەورە زاناکانی سەدەی بیستەمی دنیای ئیسلامی و خاوەنی کتێبە گرنگ و بەناوبانگەکەیەتی بەناوی (فقه السنه) کە بەیەکێ لە گرنگترین سەرچاوەکان دەژمێرێ چونکە سەرجەم پشتی بەبەڵگەی قورئان و وتاری پێغەمبەر (د.خ) بەستووە. ئەم پیاوە لەبەرگی یەکەمی فقه السنه لاپەڕە (٤٣)دا دەڵێ : ئەو وتانەی دەربارەی خەتەنەکردنی مێینە هاتووە هەموی هەڵبەستراوەو جێی متمانە نیەو هیچی ڕاست نیە.

**٤) شێخ محمود شلتوت :**

موفتی وڵاتی میسر لە پەنجاکانی سەدەی بیستەم ساڵی ١٩٥٩ لە فەتوا وردو دورو درێژو بەچەند خاڵێك دەڵێ : پزیشکان ڕای جیاوازیان هەیە لەسەر خەتەنەکردنی مێینە، هەندێ ڕێگا بەکردنی بەئاوەڵەی دەهێڵنەوەو هەندێکیش دژی دەبن و پێیان خراپە کەچی خەڵکیش لەگەڵ ئەم جیاوازیەدا لەلای پزیشك هەر لەسەری سورن و کچان خەتەنە دەکەن و بۆنەو داوەتی خێزانی بۆ دەڕازێننەوەو بەکارێکی دینی ناو دەبەن.

ئێمەش ئەکرێ ڕای دین و حوکمی شەرعی بزانین لەسەر ئەم مەسەلەیەو ئایا لە چ تەمەنێکا بکرێ باشە ؟.

ئەم ڕایەش یان ئەم پرسیارە شەرعیەش لە زۆرێکەوە بۆمان هاتووەو جاران بەکورتی تەنها بەپێی پرسیاری



خاوەن پرسیار وەڵامم دەدایەوە ئێستاش بەپێی ئەوەی کە پرسیارگەلێ لەم بارەیەوە هەیەو دەبێ بۆ سەرجەم موسڵمانان قسەی لێ بکەین و بەدەنگێکی زوڵاڵ بۆ هەموو کەسی موسڵمان حوکمی شەرعی لەسەر ئەم پرۆسە ترسناك و گرانە ڕون بکەمەوە.

**کەواتە خەتەنەکردن کارێکی کۆنە.**

خەتەنەکردن لەگەڵ هەڵهاتنی مێژوو پێبەپێ لەگەڵ مرۆڤایەتی هاتووەو کاتێ ئیسلامیش هاتووە خەتەنەکردن هەربووە، واتە ئیسلام دای نەهێناوە بەڵکو خەڵکی موسڵمانیش پێی هەستاون بەڵام ڕاستیەکەی نازانین سەرچاوەکەی ئایا تەنها بیروباوەڕی مرۆڤ بووە لەسەر بڕینی زیادە گۆشتەکانی جەستەی مرۆڤ کە خێریان نیە وەمانەوەیان زیان دەگەیەنێ یان ڕێنماییەکی ئاینی بووە و لەسەر زمانی یەکێ لە پێغەمبەرە کۆنەکانەوە وەرگیراوە، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە ئایا ڕاو حوکمی شەرعی ئیسلامی چیە لەسەر ئەم پرۆسەیە ؟؟.

زانایانی ئاینی و خەتەنەکردن :

لەبەرئەوەی چەند وتەیەکی وەرگیراو لاواز لەم بوارەدا هەیە بۆیە کۆمەڵێ ڕای جیاوازی بەدوای خۆیدا هێناوە، کە لە زۆربەیان پێچەوانەی یەکترو دورکەوتنەوە لەیەکترو هەندێ جار زۆریش لێك نزیك بونەوە هەیە، هەندێ پێیان

وایە واجبە بۆ ژن و پیاو، هەندێ دەڵێن تەنها بۆ پیاو واجبە، هەندێ پێیان وایە تا (١٠) ساڵی نابێ بکرێ، هەندێ دەڵێن گرنگ ئەوەیە بکرێ ئیتر هەرکاتێ بێ، هەندێ دەڵێن هەرچی زوتر بکرێ باشترە واتە کاتی حەوتەی منداڵ چوو واتە دوای حەوت ڕۆژ.

ڕایە جیاوازەکان هەموی لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە دەقێکی ڕاست و ئاشکرا نەبووە تا لە سەری پێك بێن ، چونکە دنیایەکی دیموکراسی و ئازادیش بووە لە دەربڕینی ڕایەکان بۆیە زانایان بێ پەروا لەو بوارەدا خۆیان تاوداوەو بەکەیفی خۆیان تەفسیرو لێکدانەوە یان لەسەر کردارو گوفتارەکان کردوەو ڕای جیاواز دەرکەوتووە، زۆرێك لەوانە بەڵگەیان بەو ئایەتە هێناوەتەوە کە لە سورەتی (نحل) ئایەتی (١٢٣)دا دەفەرموێ : (ثم أوحینا الیك ان اتبع ملة ابراهیم حنیفاً). وەوەك دەڵێن ابراهیم لە (٨٠) ساڵیدا خەتەنە کراوە کەواتە ئەبێ ئێمەش خەتەن بکەین چونکە خوا ئەمری کردوە دوای ملەتی ئیبراهیم بکەوین چونکە لەسەر ئەو واجب بووە.

یان دەڵێن : کاتێ خوا فەرمویەتی (واذ ابتلی ابراهیم ربە بکلمات فاتمهن) گوایا ابن عباس ئەڵێ : کەلیمات ڕەگەزەکانی فطرەتە ئەوانیش خەتەنەکردن و سمێڵ کورت کردنەوەو بەرتاشین و بن باڵ هەڵکەندن و نینۆك کردن و ...



هتد. (ئەمە بەڵگەیەکی لاوازو بێ هێزو بێ مانایە) (وەرگێڕ).

ڕای ئێمە لەسەر بابەتەکە (مەبەست لە ڕای (محمود شلتوت)ە.

بەباسکردن و خستنەڕوی ئەم ڕاوبۆچوون و ڕیوایەتانە بۆمان دەردەکەوێ کە هیچ بەڵگەیەك نەبێ لەسەر ئەوەی خەتەنەکردن سونەتێکی فیقهیە یان لە ڕوی فقەوە وجودێکی فقهیە بەپێی ئەوەی کە هەندێ لە زانایان گەیشتونێ و ئەڵێن (خەتەنەکردن نە هەواڵێکە بۆی بگەڕێینەوەو نەسونەتێکیشە دوای بکەوین) کە ئەشڵێن (سونەت) مەبەست لێی سونەتێ نیە کەلەسەر زمانی پێغەمبەرەوە (د.خ) وەرگیرابێ، بەڵکو مەبەست نەریتێکە کە لەکۆنەوە کۆمەڵگایەك لەسەری ڕۆشتون بێ هیچ بەڵگەیەکی شەرعی یان یاسایی یان پزیشکی یان شتێکی تر ئەم جۆرە نەریتەش لە کۆمەڵگادا زۆرە.

وەهەروەها من پێم وایە شلتون ئەڵێ : حوکمی شەرعی لەسەر دەقێکی گێڕاوەی لاواز بۆمان دانامەزرێ بەڵکو لەسەر بنەمای یاسایەکی تری شەرعی لەو بوارەدا دادەمەزرێ ئەویش لە ئوصولی فقەدا هەیەو ئەڵێ : هیچ ئازاردانێکی زیندەوەر دروست نیە بۆ خاتری بەرژەوەندیەك

نەبێ کە بۆ زیندەوەرەکە دەگەڕێتەوە وەئەبێ ئەو سودو بەرژەوەندیەش لە ئەندازەی ئازارەکە زۆرتر بێ.

خەتەنەکردنی نێرینە بۆ نمونە:

ئەگەر ورد لە خەتەنەکردنی پیاوان بنۆڕین دەبینین ئەو زیادە گۆشتەی دەوری سەری کۆئەندامی سێکسی پیاوی داوە ئەوەندە درێژو لە کۆتاییەکەیدا بچووك بۆتەوە بەمانەوەی دەبێتە هۆی کۆبونەوەی میزو پیسی لە دەوروبەری سەرەکەی ئەمەش بۆ نەخۆشی خراپەو هەروەها لە کاتی ڕەب بوندا دەردەکەوێتەوە ڕەنگە پیسی و نەخۆشی لەگەڵ خۆی بگوازێتەوە بۆ ناو بەرامبەرەکەی لە کاتی سێکس کردنا ئەمەش لە ڕوی شەرعەوە دەکرێ بەبەڵگەیەك وەری بگرین وە دەتوانین بلێێن خەتەنەکردنی ئەو زیادە گۆشتە کە لە ئازارو لێ کردنەوەی زیان ناگەیەنێ و لە بڕینی سودی دابینکردنی پاکوخاوێنی بەدوادا دێ دەکرێ بڵێین بۆ نێرینە بەم بەڵگە تەندروستیە واجبە، بەڵام دەربارەی خەتەنەکردنی مێینە، خەتەنەکردنی کچان وەك هی براکانیان نیە، ئەگەر بۆ پیاو پاکوخاوێنی بەدوادا بێ بۆ ژن ئەو سودەی نیە ببڕی و نەیبڕی پیسی یان پاکی بەدویدا نایەت. هەرچەن هەندێ کەس ئەڵێن : گوایا دکتۆر ئەڵێ : بەنەبڕینی ئارەزوی سێکسی ژن هەمیشە بەزیادی دەمێنێتەوە یان هۆیەکە بۆ هەستانی ئارەزوی



سێکسی و بەبڕینیشی ئەو ئارەزوە نامێنێ، لەسەر ئەم قسەیە کە گوایا دکتۆرەکان ئەڵێن : هەندێ لە زانایانی ئاینی پێیان وایە خەتەنەکردن باشە تا لە ئارەزوی سێکسی ژنان کەم بکەینەوەو شەرەف و ناموسیان پارێزراو بێ. هەندێکی تریش پێیان وایە بەبڕینی ئارەزوی سێکسی لای ژن کەم دەبێتەوەو پیاو وا لێ دەکا چلێسی تر بکات و بەدوای خۆتێرکردنی ناشەرعی و حەرامدا بگەڕێ. ئەمەش زیان بەخۆی و خێزانی و کۆمەڵگاو ئەخلاقیشی دەگەیەنێ.

من پێم وایە (مەبەست لە ڕای محمود شلتوتە)

لە هەموو لایەك زیادەڕەوی کراوە چ ئەو دکتۆرانەی کە پێیان وایە بڕین و نەبڕین ئەو کاریگەریە ئەرینی و نەریتییەیەیان هەیە زیادەڕەویان کردوەو چ ئەو زانایانەش کە حوکمی فقهی لەسەر ئەو بنەمایە دادەنێن هەر زیادەڕەوی دەکەن ئەگەر واجبکردن و حەرامکردن لەسەر ئەم بنەمایە دابنێن چونکە هێزی ئەنگیزەی سێکسی ئەوەندەی پەیوەندی بەبەهێزی و لاوازی جەستەو مێشك و لیمفە گرێکانی جەستەو بونیەی مرۆڤەکەوە هەیە ئەوەندە پەیوەندی بە خەتەنەکردن و نەکردنەوە نیە.

وەهەروەها بەپێی ئامارە نهێنیەکانی دادگاکان و ئەوەش کە لەدوتوێی تۆماری دادگاو پۆلیسدا هەیە زۆرترین لادەرو ئەوانەی توشی هەڵدێری تاوان و کاری بێ

ئەخلاقی گەورە دەبن لەوانەن کە خەتەنە کراون، وە ئەوانەش کە لادەدەن و توشی دەیان کاری خراپ و شێواندنی کۆمەڵگاو خۆیان دەبن لە کەش و هەوایەکی خراپی ناو کۆمەڵگادا پەروەردە بوون و توشی ئەو کارو کارەساتانە دەبن نەك بەهۆی لاوازبونی سێکس یان زاڵبونی سێکسی یەوە بێ بەسەریاندا.

کەواتە هەموو مەسەلەکان بەڕوی ئەرینی و نەرینی دا مەسەلەیەکی ڕەوشتیەو دەگەڕێتەوە بۆ کەش و هەوای پەروەردەو کۆمەڵگای چاك پەروەردەکراوو کولتوورو ڕۆشنبیری ڕاست و دروست لە ناویاندا، نەك حەرامکردنی شتێ کە زیان بەخش نیەو واجبکردنی شتێ کە زیان دەگەیەنێ.

بۆیە دەبێ بڵێین (خەتەنەکردنی مێینە نە لە شەرع و نە لە یاساو نە لای پزیشك و نە لە خورەوشتیشا شتێ یان دەقێ نیە واجبی بکات یان بەپێویستی بزانێ).

بەڵام ڕەنگە خەتەنەکردنی ژنان بۆ پیاوان خۆش بێ یان پێیان باش بێ بەتایبەت بۆ ئەو پیاوانەی هەستیان بەو زیادە هەر نەکردوە بەمەش هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێ، واتە هیچ سودێکی زیادە بەپیاو ناگەیەنێ.

ئەمە بەوردی ڕای ئێمە بوو لەسەر خەتەنەکردنی نێرو مێ بەو پێیەی کە لە بنەما گشتیە شەرعیەکانم وەرگرتووە



نەك لە بنەما شەرعیە ئاینیەکان بەکۆمەڵگا جیاوازەکان یان مەسەلە ئاینیەکان.

**دەقی فەتوای شێخی ئەزهەر محمد سید طنطاوی** بەو پێیەی کە بۆ وەزیری تەندروستی ناردوەو لە گۆڤاری (الازهر)ی ١٩٩٦ مانگەکانی سبتمبر و ئەکتوبەردا بڵاوکراوەتەوە.

بەڕێز دکتۆر علی عبدالفتاح وەزیری تەندروستی :

دوای سڵاو : نوسراوتان لە بەڕێز دکتۆر (محمود ابراهیم القسط) وە بەڕێوەبەری کارگێڕی گشتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی تەندروستی دەربارەی حوکمی شەرعی خەتەنەکردنی مێینە ئەم وەڵامە بە جەنابتان ڕادەگەیەنین : —

١) سەرجەم زانایان لەسەر ئەوە کۆدەنگن کە خەتەنەکردنی نێرینە لە شعائری ئیسلامیەو ئەو وتانەش کە پشتی پێ بەستراوە لەم بوارەدا ئەوەیە کە بەیهەقی و حاکم لە خاتوو عائشەیان گێڕاوەتەوە کە پێغەمبەر (د.خ) هەر لە حەوتەی لە دایکبونی هەردوو کچەزای (حەسەن و حسین) دا هەردوکیانی خەتەنە کردوە.

٢) دەربارەی خەتەنەکردنی کچان، هیچ وتەیەکی بەهێز نیە کە بەبەڵگە دابنرێ جگە لەو وتانە نەبێ کە هاتووەو زانایانیش هەمویان بەلاواز داناون، لەوانەش ئەو

وتەیەی کە دەڵێ : (الختان سنه للرجال ومكرمه للنساء) ، وە وتەی (لاتنهكي فان ذلك احظى للمرأة واحب الى البعل) یان لەجێیەکی تر لە جێی لاتنهکی بەوشەی اشمي ولاتنهکی هاتووە واتە کەمی لێ بکەرەوەو سەرقرتێنی بکە، وەهەروەها هەردوو وتەی (الق عنك شعر الكفر واختتن) و (من اسلم فليختتن)، ئەم وتانە هەموویان لە نیل الاوطاری ئیمام ی شەوکانی دا بەلاواز ناویان هاتووە دوای ئەوەی وردەکاری سەنەدەکانیان شی کراوەتەوە، وە ئیمام مونذریش ئەڵێ : لە خەتەنەکردنی مێینەدا نە هەواڵێ هاتوە پشتی پێ ببەسترێ و نە وتەیەکیش هەیە بەبەڵگە بچێ بۆ خەتەنەکردن... وەهەروەها خاوەنی کتێبی (عون المعبود في شرح سنن ابي داود) ج١٤ لاپەڕە (١٨٣) دا هاتوە دەربارەی خەتەنەکردنی ژنان هەمو وتەکانی کە هاتوە لاوازن و بەچەندین شێواز گێڕاونەتەوە کە هیچیان بەبەڵگە نایەنەوەو هەموویان لاوازو بێ کەڵکن، وە هەروەها ابن عبدالبر لە التمهيد دا ئەڵێ : خەتەنەکردن بۆ پیاوانە.

٣) **شێخ محمود شلتوت** لە (الفتاوى) دا دەربارەی خەتەنەکردنی ژنان وتویەتی (بەباسکردن و خستنەڕوی ئەم ڕاوبۆچوون و ڕیوایەتانە بۆمان دەردەکەوێ کە هیچ بەڵگەیەك نەبێ لەسەر ئەوەی خەتەنەکردن سونەتێکی فیقهیە یان لە ڕوی فقەوە وجودێکی فقهیە بەپێی ئەوەی



کە هەندێ لە زانایان گەیشتونێ و ئەڵێن (خەتەنەکردن نە هەواڵێکە بۆی بگەڕێینەوەو نەسونەتێکیشە دوای بکەوین) کە ئەشڵێین (سونەت) مەبەست لێی سونەتێ نیە کەلەسەر زمانی پێغەمبەرەوە (د.خ) وەرگیرابێ، بەڵکو مەبەست نەریتێکە کە لەکۆنەوە کۆمەڵگایەك لەسەری ڕۆشتون بێ هیچ بەڵگەیەکی شەرعی یان یاسایی یان پزیشکی یان شتێکی تر ئەم جۆرە نەریتەش لە کۆمەڵگادا زۆرە. بەباسکردن و خستنەڕوی ئەم ڕاوبۆچوون و ڕیوایەتانە بۆمان دەردەکەوێ کە هیچ بەڵگەیەك نەبێ لەسەر ئەوەی خەتەنەکردن سونەتێکی فیقهیە یان لە ڕوی فقەوە وجودێکی فقهیە بەپێی ئەوەی کە هەندێ لە زانایان گەیشتونێ و ئەڵێن (خەتەنەکردن نە هەواڵێکە بۆی بگەڕێینەوەو نەسونەتێکیشە دوای بکەوین) کە ئەشڵێین (سونەت) مەبەست لێی سونەتێ نیە کەلەسەر زمانی پێغەمبەرەوە (د.خ) وەرگیرابێ، بەڵکو مەبەست نەریتێکە کە لەکۆنەوە کۆمەڵگایەك لەسەری ڕۆشتون بێ هیچ بەڵگەیەکی شەرعی یان یاسایی یان پزیشکی یان شتێکی تر ئەم جۆرە نەریتەش لە کۆمەڵگادا زۆرە).

٤) **سید سابق** لە کتێبی (فقه السنه) دا لە ج١ لاپەڕە (٣٣) دەڵێ : ئەو وتانەی دەربارەی خەتەنەکردنی ژنان هاتووە هەموی لاوازەو کاریان پێ ناکرێ.

٥) **محمد شيخ محمد عرفه** ئەندامی زانکۆی گەورە زانایان لە گۆڤاری الازهر مجلە ٢٤ ی ساڵی ١٩٥٢ لەلاپەڕە ١٢٤٢ دا ئەڵێ : خەتەنەکردنی ژنان لەسەرجەم بوارەکانی حوکمی شەرعی و زانایانی بواری کۆئەندامی سێکسی و زانایانی بواری کۆمەڵایەتی باسیان لێوە کردوە، زانایانی بواری کۆمەڵایەتی وردەکاری ئەم پرۆسەیەیان باس کردوەو ڕونیان کردوەتەوە ئایا ئەنجامی خراپی هەیە یان باش، وە هەروەها زانایانی بواری ئەرکەکانی کۆئەندامی سێکسی پێیان وایە کە خەتەنەکردنی ژنان زیانی هەیە بۆ پرۆسەی پێتاندن و ئارەزوی سێکسی ژنان کەم دەکاتەوەو بەمەش وای لێ دێ لە کاتی ڕەحەت بوندا لە پیاوان دوا بکەوێ و پیاوانیش ناچار دەبن ڕوبکەنە مادە هۆشبەرەکان کەواتە ئەگەر بمانەوێ ئافاتی مادە هۆشبەرەکان کەم بکەینەوە لە پیاواندا ئەبێ خەتەنەکردنی ژنان نەهێڵین، چونکە پیاوان بۆ کەمی خاوبونەوە لە ڕەحەتبونداو جوتبونی باش لەگەڵ ژنی خەتەنەکراودا پەنا دەبەنە بەر مادەی هۆشبەرو گوایا وا باوە کە هەندێ حەب هەیە ڕەحەت بون دوا دەخاو بۆ پیاو و ژنیش خۆشی زیاتر دەگەیەنێ، کەواتە بۆ ئەوەی کاری سێکسی بۆ هەردولا خۆش بێ و ژن و پیاو بەکاری سروشتی خۆیان هەستن پێویستە خەتەنەکردنی ژنان قەدەغە بکرێ، کە هۆیەکی گرنگی کەمبونەوەی ئارەزوی



سێکسی ژنانە. کەواتە : ئەبێ هەوڵ بدەین خەتەنەکردنی ژنان نەمێنێ و ئەگەریش کرا کەمی لێ بکرێتەوەو خۆ ئەگەر وەك وڵاتانی مەغرب و تورکیاو وڵاتانی تری ئیسلامی ش لە میسر قەدەغە بکرێ ئەوە باشترە (قسەکانی محمد عرفە تەواو).

٦) **ئەوەی ئێمەش ئەیڵێین:** بەپێی ڕای زانایان بۆ پیاوان خەتەنەکردن واجبە چونکە دەقی ڕاستی لەبارەوە هاتوە. بەڵام بۆ ژنان هیچ دەقێکی شەرعی لە بارەیەوە نەهاتوە وە ئەم نەریتە لە کۆنەوە هەبووەو بڵاو بۆتەوە هەرچەن ئێستا بەرەو لەناوچوون دەڕوا بەتایبەت لە چینە ڕوناکبیرەکەی میسردا. بەڵگەش بۆ ئەوەی کە هیچ دەقێکی شەرعی نیە لەسەری ئەوەیە لە زۆربەی وڵاتانی ئیسلامی وەك سعودیەو وڵاتانی کەنداو یەمەن و سوریاو ئەردەن و فەلەستین و لیبیاو جەزائرو تونس و مغرب ......... هتد ئەم نەریتەیان واز لێ هێناوە کاتێ ئەم وڵاتانە باشترین زانایانی فقهی و ئاینی تیادایە. کەواتە : **ئەم باسە تایبەتە بە زانایانی تەندروستی و پزیشکانەوە هیچ پەیوەندی بەدین و شەرعەوە نیە ئەگەر ئەوان وتیان خراپە دەبێ نەکرێ، ئەگەریش ئەوان بەباشیان زانی ئەبێ ڕێو شوێنی گونجاوو تەندروست بگرینە بەر بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی تەندروست و زانستیانە بکرێ، بەمەرجێ زیان بەکچان نەگەیەنێ.**

**کەواتە بڕیاردان لەسەری بۆ زانایانی ئیسلامی و شەرعی نیە بەڵکو لای زانایانی پزیشکی و تەندروستیە.**

**٧) ڕای دکتۆر (محمد بن لوطفی الصباغ) مامۆستای زانستە ئیسلامیەکان لە زانکۆی ریاض. ئەم زانایە لێکۆڵینەوەیەکی بەبەڵگەی شەرعی لە قورئان و وتەکان نوسیوە بە ناونیشانی (الحکم الشرعی للختان) تیادا هاتووە دەڵێ : خەتەنەکردنی کچان بەپێی شەرع پەسەند نیە چونکە لەهیچ جێیە نابینین پێغەمبەر (د.خ) باسی کردبێ، وە هەروەها چەندین ترس و زیانی زۆری بەدوادا دێ بۆ ژنان، وە پێغەمبەریش (د.خ) بەوتەی (لاضرر ولا ضرار) زیان گەیاندنی بەیەکجاری حەرام کردوە ئەم وتەیەش کە کۆڵەگەیەکی بەرزی ئەم دینەیە پشتی پێ دەبەستێ، کەواتە خەتەنەکردنی ژنان نە سونەتە نە واجب. ئەمەش هەر ڕای من نیە بەڵکو ڕای زۆرترین لە زاناکانە.**